# The Role of the International Administrative Court in Protecting the Rights of International Employees (United Nations Administrative Court, for example)

Dldar Abdulwahid Qader[1], Sharee Khalid Marouf[2]
Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.04*

*Published: 5/4/2026*

### *Abstract*

*This study explores the role of the International Administrative Court in safeguarding the rights of international employees, focusing on the internal justice system of the United Nations. Using an analytical approach, we define the concept of an international employee and examine their rights and duties.The primary issue addressed in this study is the legal status of international employees and the guarantees that protect their rights and obligations within the framework of international administrative law. International employees are entitled to several key rights, including financial benefits, international protection, and recognition of their international status. At the same time, they are bound by obligations such as adherence to the laws and guidelines of their respective organizations, loyalty to the institution, protection of professional confidentiality, and maintaining honesty, integrity, independence, and impartiality in their duties. The primary issue addressed in this study is the legal status of international employees and the guarantees that protect their rights and obligations within the framework of international administrative law. International employees are entitled to several key rights, including financial benefits, international protection, and recognition of their international status. To ensure the protection of these rights, international employees have access to both administrative and judicial guarantees. Most international organizations have internal administrative courts that employees can turn to in case of rights violations. The United Nations, in particular, has an internal judicial system comprising two Administrative Tribunals and an Appeals Court, providing legal recourse for employees affected by administrative decisions. To strengthen the protection of international employees' rights on a global scale, it is essential to establish an International Administrative Tribunal and develop a unified international administrative law governing the civil service of international employees through a binding international agreement.*

***Keyword***: *international employee, rights and duties, international organization, legal guarantees, international administrative law.*

# ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی (دادگای کارگێڕیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە نموونە)

د. دلدار عبدالواحد قادر
dldar.qader@soran.edu.iq
پ. ی. د. شاری خالید معروف
sharee.marouf@soran.edu.iq
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن

**پوختە**

ئەو بابەتەی کە لەو توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردوە بریتییە لە ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر جەختمان لەسەر سیستەمی دادپەروەریی ناوخۆییی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کردوەتەوە. تێیدا میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی چەمکی فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی. ئەو کێشەیەی کە ئەو توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، بریتییە لە دیاریکردنی ناوەندی یاسایی فەرمانبەری نێودەوڵەتی و گەرەنتییەکانی پاراستنی ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی و تێیدا ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی دیاردەکەین.

فەرمانبەری نێودەوڵەتی کۆمەڵە گەرەنتیەکی هەیە تاکو بە هۆیەوە بەرگیری لە مافەکانی بکات کە دەتوانین ئاماژە بە هەر یەک لە گەرەنتیەکانی کارگێڕی و دادوەری بکەین. بە گشتی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەیە بە شێوەیەک کە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان خاوەن دادگای کارگێڕیی ناوخۆیین، کە فەرمانبەرەکانیان دەتوانن لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانیان پەنا بۆ ئەو دادگایانە ببەن، لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە خاوەن سیستەمی دادوەری ناوخۆییە. ئەویش دوو دادگای کارگێڕیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان و دادگای تێهەڵچوونەوەی هەیە کە فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە دەتوانن داوا لە بەردەمیان تۆماربکەن هەر کاتێک بە هۆی بڕیارێکی کارگێڕی مافەکانیان پێشێلکران.

بۆ پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دامەزراندنی دادگایەکی کارگێڕیی نێودەوڵەتی و ڕێکخستنی یاسای نێودەوڵەتیی کارگێڕی سەبارەت بە ڕاژەی شارستانیی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بە پەسەند دەزانین.

وشە کلیلیەکان: فەرمانبەری نێودەوڵەتی، ماف و ئەرکی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، گەرەنتیەکانی پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی.

## پیشەکی

**یەکەم: بەرایی:**

ئەمڕۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە یەکێک لە گرنگترین کەسانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێن، کە پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمی و نشتیمانی گرنگییانپێبدرێت و یارمەتییانبدرێت تاکو ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن و ئامانجەکانی خۆیان دەستەبەربکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کۆمەڵە ئامرازێکیان لەبەردەستە، یەکێک لەو ئامرازانە ئەو فەرمانبەرانەن کە کار بۆ ئەو ڕێکخراوانە دەکەن. فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوانە یاخود فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەڵگری کۆمەڵە مافێک دەبن لە بەرانبەردا کۆمەڵە ئەرکێکیش دەکەوێتە ئەستۆیان کە پێویستە جێبەجێیبکەن، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی دەتوانێت هەم بۆ خۆدی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی و هەم بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان سوودبەخش بێت، تاکو هەر یەک لەو کەسانە بتوانن شارەزاییان لە ماف و ئەرکەکانیان هەبێت.

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە:**

بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاستی جیهانی لە گشت بوارەکان ڕۆڵیان هەیە و هەر یەک لە ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئەو پەیماننامەی کە پێی دامەزراوە کۆمەڵە ماف و ئەرکێک جێبەجێدەکەن و ئەو ئەرکانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەئەستۆیدەگرن لە ڕێگای فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئەنجامدەدەن، بۆیە فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئامرازێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو بابەتە دەتوانێت گرنگیی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی پێگەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دیاربکرێت بۆ ئەوەی ماف و ئەرکەکانی پارێزراو بێت و بتوانێت هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە بدات کە ڕێکخراوەکە پێی ڕادەسپێرێت. جگە لەوە لە ڕێگای دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی ڕێگا لە پێشێلکردنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بگرێت و دادپەروەری بەدیبهێنرێت.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئەو ئامانجانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

1- ناوەندی یاسایی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دیاردەکات، هەروەها ماف و ئەرکی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دیاردەکات.
2- ئەو گەرەنتیانەی کە بۆ پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەن دەستنیشاندەکات.
3- لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەمە ڕووندەکاتەوە کە، ئەو فەرمانبەرانە دەتوانن پەنا بۆ کام دادگای کارگێڕیی ئەو ڕێکخراوە ببەن.

**چوارەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:**

لە چوارچێوەی دیاریکردنی ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

1- لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، چ لایەنێک ئەرکی پێداچوونەوە و پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەئەستۆدەگرێت؟
2- ئەو لایەنە دادوەرییە کێیە کە دەتوانێت لێپێچینەوە لە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکات ئەگەر هات و فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێنەکرد؟
3- ئایا ئەو گەرەنتیانەی کە بۆ پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دانراون دەتوانێت مافەکانیان بپارێزێت؟

**پێنجەم: کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوەکەمان لەوەدا سەرچاوەدەگرێت کە، پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ فەرمانبەری نێودەوڵەتی نییە هتا سەرجەم ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لەسەری کۆک بن، هەروەها یاسایەکی کارگێڕیی نێودەوڵەتیی یەکگرتوو نییە کە سەرجەم بابەتەکانی پەیوەندیدار بە فەرمانبەری نێودەوڵەتی ڕێکبخات و هەموو فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی بتوانن سوودی لێ ببینن، بۆیە هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە گوێرەی ئەو پەیماننامەی کە پێی دروستبووە ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە، بە هۆی زۆریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەر یەک بە شێوەیەکی جیاواز ناوەندی یاسایی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ڕێکدەخات. ئەوەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە کێشە بۆ دیاریکردنی ناوەندی یاسایی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دروستببێت. جگە لەوە هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دادگایەکی کارگێڕی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە نەبوونی سیستەمێکی یاسایی کارگێڕیی نێودەوڵەتی و نەبوونی دادگایەکی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبێتە

هۆی ئەوەی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی پێشێلبکرێت و گەرەنتیەکانی پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی نەتوانن وەکو پێویست چالاک بن.

**شەشەم: میتودی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، بۆ پێناسەکردنی فەرمانبەری نێودەوڵەتی و دیاریکردنی ئەو ماف و ئەرکانەی کە هەیەتی پشت بە میتۆدی شیکاری دەبەستین. هەروەها ئەو میتودە بۆ دیاریکردنی ئەو گەرەنتیانەی کە بۆ پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دانراون بەکاردەهێنین. ئەو میتودە بۆ دیاریکردنی سیستەمی دادوەری ناوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەکاردەهێنین کە بە چ شێوەیەک ڕۆڵی لە پاراستنی مافی فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە هەیە.

**حەفتەم: پێکهاتەی توێژینەوە:**

بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئەو توێژینەوە دابەشی دوو باس دەکەین، لە باسی یەکەم فەرمانبەری نێودەوڵەتی ناسێنراوە و لە باسی دووەم ڕۆڵی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دیاردەکەین و لە کوتاییدا گرنگترین دەرئەنجام و پیشنیازەکان دەخەینەڕوو.

## باسی یەکەم
## ناساندنی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی پێویستە سەرەتا فەرمانبەری نێودەوڵەتی بناسین، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو باسە دابەشی سێ تەوەرەی سەرەکی دەکەین، بە شێوەیەک؛ لە تەوەرەی یەکەم پێناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکەین و لە تەوەرەی دووەم باسی ناساندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەکەین و لە تەوەرەی سێیەم باسی ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم
### چەمکی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

بە مەبەستی دیاریکردنی چەمکی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئەو تەوەرە دابەشی دوو لقی سەرەکی دەکەین. بە شێوەیەک کە، لە لقی یەکەم باسی پیناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکەین و لە لقی دووەم باسی جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ هاوشێوەکانی تری دەکەین.

#### لقی یەکەم
#### پێناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

مەبەست لە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بریتییە لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کاردەکەن، جا چ بە شێوەی هەمیشەیی بێت یاخود کاتی بێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی

ئەو کەسانە بە پێی پیسپۆرییان بە ئەرکێک ڕادەسپێرێت و سەرۆکی شاندەکان و یاریدەدەرەکان و فەرمانبەرانی کارگێڕی و تەکنیکی و کرێکارەکان لەخۆدەگرێت، چ لە بارەگای ڕێکخراوەکە کاربکەن یان لە دەرەوەی بارەگای ڕێکخراوەکە کاربکەن، هەروەها فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەموو ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە ڕێکخراوەکە بۆ ئەنجامدانی کارێک ڕایاندەسپێرێت[i].

دادگای دادی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە یەکێک لە فتواکانی ڕاوێژکاریی خۆی کە لە (1949/4/11) سەبارەت بە مافی فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە کاتی داواکارییان بۆ قەرەبووکردنەوە لەو زیانانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان تووش دەبن دەرکردوە، بەو شێوەیە پیناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی کردوە کە بریتییە لە: هەر فەرمانبەرێک بە کرێ یان بێ کرێ بە شێوەی هەمیشەیی یان کاتی، لە لایەن یەکێک لە لقەکانی ڕێکخراوەکە بۆ ئەنجامدان یان هاوکاریکردنی یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکە دادەمەزرێت. هەروەها بریتییە لە هەر کەسێک کە بە هۆی ڕێکخراوەکەیەوە هەڵسوکەوت دەکات و فەرمانبەری نێودەوڵەتی ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی نییە و بە ناوی ڕێکخراوەکەیەوە کاردەکات و ڕێنمایی لە ڕێکخراوەکە وەردەگرێت و خۆی دووردەگرێت لە وەرگرتنی هەر ڕێنماییەک کە لە لایەن حکومەتێک یان دەسەڵاتێکی دەرەوەی ڕێکخراوەکە ئاراستەیدەکرێت، هەروەها خۆی دووردەگرێت لە هەر کارێک کە زیان بە ناوەندی وەزیفیی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەگەیەنێت[ii].

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی سەلامەتیی فەرمانبەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و تاکە پەیوەندیدارەکان کە لە ساڵی (1994) دەرچووە بەو شێوەیە پێناسەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی کردوە؛ بریتییە لە هەموو ئەو کەسانەی کە سکرتیری گشتی بەکاردەهێنێت جا ئەو کەسانە سەربازی یان شارستانی بن، هەروەها شارەزایان و شاندەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەخۆدەگریت[iii].

مەرجەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی: دەتوانین مەرجە گشتیەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەو شێوەی خوارەوە دیاریبکەین[iv]:

أ- پێویستە فەرمانبەری نێودەوڵەتی کار بۆ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان لقێک لە لقەکانی بکات.

ب-پێویستە ئامانجی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە بێت کە تێیدا کاردەکات.

ت-فەرمانبەری نێودەوڵەتی چالاکیەکانی لە سنووری هەرێمیی ئەو وڵاتە ئەنجامدەدات کە ڕێکخراوەکە بۆی دیاریکردوە.

ث-فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەژێر چاودێریی ئەو ڕێکخراوە دەبێت کە تێیدا کاردەکات و دەبێت ملکەچی ئەو ڕێنمایی و فەرمانانە بێت کە لە لایەن سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە یان بە گوێرەی پەیماننامە و ڕێساکانی (لوائح) ئەو ڕێکخراوەوە دەردەچن.

ج- پێویستە فەرمانبەری نێودەوڵەتی تەنها خۆی بۆ کاری ئەو ڕێکخراوە تەرخان بکات و کارەکانی تەنها بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە بێت.

ح- چوارچێوەی یاسایی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بە گوێرەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی دیاریدەکرێت.

خ- دەبێت فەرمانبەری نێودەوڵەتی کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوندیی گشتی و هاوبەشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و تەنها وەفاداری و هاوسۆزی (ولاء)ی بۆ ئەو ڕێکخراوە هەبێت کە تێیدا کاردەکات.

د- فەرمانبەری نێودەوڵەتی نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری یان گوشاری هیچ لایەنێکی دەرەکی یان بکەوێتە ژێر ڕێنماییی حکومەتێک یان دەسەڵاتی دەرەکیی دەرەوەی ڕێکخراوەکە. هەروەها دەبێت خۆی لە هەموو ئەو کارانە بەدووربگرێت، کە زیان بە ڕێکخراوەکە دەگەیەنن، چونکە بەرانبەر ڕێکخراوەکە بەرپرسیارە.

ذ- فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەبێت بە سەربەخۆیی و بێ لایەنی کار بکات و جیاوازی لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە نەکات. بە واتایەکی تر، تەنها کار بۆ بەرژەوندیی ئەو وڵاتە نەکات کە هەڵگری ڕەگەزنامەکەی بێت، بەڵکو دەبێت بەرژەوندیی هەمووی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە لەبەرچاوبگرێت.

به بڕوای ئێمە پێویستە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکرێت تاکو فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە هاوشێوەکانی جیابکرێتەوە بە تایبەتی لەگەڵ کرێکاری نێودەوڵەتی (العاملين الدوليين) یان لەگەڵ نوێنەرانی دبلوماسیی وڵاتان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان جیاوازیان دیار بێت. بۆیە پێمانوایە کە فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەموو ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە بە فەرمی بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان ئامانجەکانی خۆیان دەستەبەربکەن. جا ئەو کەسانە بەرانبەر کرێ، مووچە یان پاداشت ئەو کارە ئەنجامبدەن یان بە خۆبەخشی ئەو کارە ئەنجامبدەن.

## لقی دووەم

## جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ هاوشێوەکانی تر

ئەگەر جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری گشتی و فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکەین، دەبینین کە فەرمانبەری گشتی چوارچێوەی کارکردنی لەسەر ئاستی دەوڵەت یان لەسەر ئاستی خۆجێیی دەبێت و بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی ناوخۆیی وڵاتەکە کاردەکات و ئامانجی بەدیهێنانی

بەرژەوندیەکانی دەوڵەتەکەی و هاونیشتیمانیەکانی دەبێت، لە کاتێکدا کە فەرمانبەری نێودەوڵەتی ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوندیەکانی هاوبەشی ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەبێت و لە چوارچێوەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت. لە لایەکی تر، چوارچێوەی کاری فەرمانبەری گشتی یاسای نیشتیمانی ئەو دەوڵەتە دەبێت کە کاری تێیدا ئەنجامدەدات هەروەها لە ڕێگای دامەزراوە گشتیەکانی ئەو وڵاتە دەبێت، لە کاتێکدا فەرمانبەری نێودەوڵەتی چوارچێوەی کارەکە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لە ڕێگای سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی دەبێت[v].

لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بکەین، کە دەتوانین بەو شێوەیە جیاوازیەکانیان دیاریبکەین[vi]:

**یەکەم:** لە ڕووی وابەستەیی (من حيث التبعية) فەرمانبەری نێودەوڵەتی وابەستەی ڕێکخراوەکەیە، لەکاتێکدا کە نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە وابەستەی وڵاتەکەیە. وڵاتانی ئەندام نوێنەرەکەیان دیاریدەکەن، بەڵام فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە لایەن خودی ڕێکخراوەکە دادەمەزرێت.

**دووەم:** لە ڕووی بەرپرسیاریەتی: فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەرانبەر سەرۆکی کارگێڕیی ڕێکخراوەکە بەرپرسیارە بەڵام نوێنەری وڵاتان لە بەرانبەر حکومەتەکانیان بەرپرسیارن.

**سێیەم:** لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە (من حيث التصرفات) کاریگەریەکانی هەڵسوکەوتی نوێنەری وڵاتان و بەرپرسیاریەتی هەڵسوکەوتەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن، بەڵام فەرمانبەری نێودەوڵەتی، کاریگەریی هەڵسوکەتەکان و بەرپرسیاریەتییان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکخراوەی کە تێیدا کاردەکەن.

**چوارەم:** لە ڕووی پارێزبەندی و ئیمتیازاتەکان: نوێنەری وڵاتان خاوەن پارێزبەندی و ئیمتیازات نین، نە لە وڵاتی خۆیان و نە لە وڵاتێکی دیکەدا، بەڵام فەرمانبەری نێودەوڵەتی خاوەن پارێزبەندی و ئیمتیازە لە بەرانبەر هەموو وڵاتێک، ئەو پارێزبەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکە نێودەوڵەتیەکە، کە لە ئەستۆیاندایە.

دوای ئەوەی جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و فەرمانبەری گشتی یان ناوخۆییمان ڕوونکردووە بۆمان دیارکەوت، کە فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە دادەمەزرێن، بۆ ئەوەی کە بە ناوی ئەو ڕێکخراوانە کاربکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بدەن و فەرمانبەری نێودەوڵەتی تەنها لە بەرانبەر ڕێکخراوەکە بەرپرسیارە و خاوەن پارێزبەندیی شارستانی و تاوانیە. هەروەها دەبێت فەرمانبەری نێودەوڵەتی سەربەخۆ بێت لە وڵاتەکەی و بێلایەنیی خۆی بپارێزێت و تەنها دەبێت ملکەچی ئەو ڕێنمایی و یاسایانە بێت کە لەلایەن ڕێکخراوەکەیەوە دەردەچن.

## تەوەرەی دووەم

## ناساندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی

لە سەدەی هەژدەیەم، زانایانی یاسای نێودەوڵەتی دانیاننا بە کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، کە پێشتر تەنیا دەوڵەت بە کەسایەتیی یاساییی نێودەوڵەتی هەژماردەکرا. ئەو ڕێکخراوانە ملکەچی یاسای نێودەوڵەتی دەبن. دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەو ڕێکخراوەیە کە وڵاتان بە ئیرادەی خۆیان دروستیدەکەن تاکو ئامانجە هاوبەشەکانیان دەستەبەربکەن. بۆ ئەو مەبەستەش تایبەتمەندی و پسپۆڕیەکانی ئەو ڕێکخراوە دیاردەکەن تاکو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەرانبەر وڵاتانی ئەندام پەیڕەویبکات[vii].

بۆ ئەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ببێتە خاوەن کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتی پێویستە چەندین ڕەگەزی سەرەکی هەبێت. دەتوانین ئاماژە بە گرنگترینیان بدەین کە بریتین لە بەردەوامی و ئیرادەی خۆیی (الارادة الذاتية). بۆ ئەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دروستبێت پێویستە سیفەتی بەردەوامی تێیدا بێت بە شێوەیەک کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بدات و لە ئەنجامدانی چالاکیەکانیان سەربەخۆ بن. هەروەها پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئیرادەی خۆیان هەبێت بە شێوەیەک کە جیاواز بێت لە ئیرادەی ئەو وڵاتانەی ئەو ڕێکخراوەیان دامەزراندوە. دامەزراندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پشت بە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دەبەستێت کە لە دەرئەنجامی ڕێککەوتنی وڵاتانی ئەندام دێتەدێ. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە پێی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی کار دەکەن کە دەکرێت ئەو ڕێککەوتننامەی بە دەستووری ڕێکخراو، پەیماننامەی ڕێکخراوە یان پەیڕەوی بنەڕەتی ڕێکخراوە ناوبنرێت[viii].

سەبارەت بە جۆری ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە بە هۆی ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە لایەن وڵاتانەوە دروستدەکرین، بۆیە جیاوازی لە نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەیە، کە بە پێی پێوەری شوێنی، ماددی و ئامانج جیاوازن[ix].

سەبارەت بە کەسایەتیی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، دادگای دادی نێودەوڵەتی لە یەکێک لە فەتواکانی ڕاویژکاریی خۆی لە ساڵی (1949) دەڵێت کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان خاوەن کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتین، بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نییە کە کەسێتیی یاسایی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە ڕووی ماف و ئەرکەوە یەکسان بن، چونکە کەسێتیی یاساییی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەزیفیە و ئامانج لە دانپێدانان بەو کەسێتیە، ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە بتوانن ئامانجەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، بۆیە کەسێتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان سنووردار و وەزیفین، بۆیە کەسێتیی یاساییی دەوڵەت لە کەسێتیی یاساییی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فراوانترە، چونکە کەسێتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ئەو ئامانج و پسپۆڕیانەیە کە لە دەستوورەکەیدا دیاریکراوە[x].

بە بڕوای ئێمە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ خاوەن کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتیین و ئەو کەسایەتیە بە گوێرەی دەستوورەکانیان و ئەرک و پسپۆڕییان جیاوازن، بۆیە کەسایەتییان سنووردار و وەزیفین، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە ئەمڕۆ ڕێکخراوەکان بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی جیهانی و ئەو ڕێکخراوانە کە پسپۆڕییان گشتین و هەموو بوارێک لە خۆی دەگرێت بوونە هۆی ئەوەی کە سەروەریی دەرەکی و ناوخۆیی وڵاتان سنووردار‌بکەن و بەو هۆیە کاریگەری و پێگەیان لە وڵاتانیش بەرزتر بێت، کە هەموو ئەو پسپۆڕی و ئەرکەکانیان لە ڕێگای فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی ئەنجامدەدەن. بە گشتی سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سێ تیۆری جیاواز هەیە، کە دەکرێت بەو شێوەیەی خوارەوە دیاریبکەین:

تیۆری یەکەم: پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی گرێبەستیە: ئەو تیۆرە لەسەر بنەمای ئەوە ڕێکخراوە، کە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەیە، گرێبەستی کاری هەمیشەییە کە هەر دوو لایەن لە ڕووی ئەرک و مافەوە یەکسانن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای (العقد شريعة المتعاقدين)، بۆیە بە پێی ئەو تیۆرە گرێبەستی نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، سەرچاوەی یەکەمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دروستدەبێت[xi].

تیۆری دووەم: پەیوەندیی نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پەیوەندیەکی ڕێکخستنیە (علاقة المنظمة بالموظف علاقة تنظيمية): بە گوێرەی ئەو تیۆرە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەیە، پەیوەندیەکی ڕێکخستنیە، بەو واتایەی کە لە کاتی واژۆکردنی گرێبەستەکە فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەبێتە ناوەندی یاسایی ڕێکخراوەکە و تەنها ڕێکخراوەکە بڕیاری لەسەر دەدات و فەرمانبەری نێودەوڵەتی پێویستە پێوەی ملکەچبێت[xii].

تیۆری سێیەم: ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەیە پەیوەندیەکی تێکەڵاوە: بە پێی ئەو تیۆرە فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە حاڵەتی ناوەندە لە نێوان پەیوەندیی گرێبەست و ڕێکخستن پێکەوە. بەو واتایە، کە فەرمانبەر لە هەمان کاتدا ملکەچە بە بڕیارەکان و ڕێساکانی ئەو ڕێکخراوەی کە تێیدا کاردەکات لەگەڵ بڕیارەکانی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەی بەستوە، لەگەڵ بنەما گشتیەکانی کە لەو بوارەدا هەن، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت ڕێز لە مافەکانی وەرگیراو (الحقوق المكتسبة) بگیرێت[xiii].

لە لایەکی ترەوە، بەشێک لە زانایان پێیانوایە کە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەیە پەیوەندیەکی گرێبەستیە لە جۆری تایبەت، بەڵام ئەو جۆرەی گرێبەستە ملکەچی یاسای تایبەت نیە، بەڵکو ملکەچی ڕێساکانی ڕێکخراوە کە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانە و بە ئیرادەی تاک لایەنانەی خۆیان ڕێکیدەخات و لەلایەن بەرزترین

دامەزراوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەوە دەردەچێت. ئێمەش لە لای خۆمان پیشتگیری ئەو بیروبۆچوونە دەکەین، چونکە پێمانوایە لە کوتاییدا فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەر دەبێت ملکەچی ئەو یاسا و ڕێنمایانە بێت کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە دەردەچێت کە کاری تێیدا دەکەن[xiv].

یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی، ڕێگا بە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دەدات کە بۆ مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندیی وەزیفی لە نێوان فەرمانبەرەکانیان و ڕێکخراوەکانیان، سیستەمێکی یاسایی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بۆیە یەک سیستەمی یاسایی دیاریکراو و یەکگرتوو نیە، کە پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دیاربکات، بۆیە بوونی سیستەمێکی یاسایی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەتوانێت گرنگیی خۆی هەبێت بۆ پاراستنی مافەکانی هەر دوو لایەن، چونکە هەم دەتوانێت ماف و ئەرکەکانی هەر لایەنێک بە وردی دەستنیشانبکات[xv]. کە ئێمەش پشتگیری ئەو بیروبۆچوونە دەکەین، چونکە بوونی سیستەمێکی یاسایی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی دەتوانێت هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەڕووی فەرمانبەری نێودەوڵەتی یان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەبێتەوە.

## تەوەرەی سێیەم

## ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

بە مەبەستی دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، ئەو تەوەرە دابەشی دوو لق دەکرێت. لە لقی یەکەم باسی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکرێت و لە لقی دووەم باسی ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکرێت.

### لقی یەکەم

### مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

ناوەندی کارگێڕیی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە ڕووی یاساییەوە پەیوەستە بە بوونی چەندین مەرجی بابەتی، کە بە هۆیەوە ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەستنیشاندەکرێت، هەروەها بە گوێرەی سروشتی کارەکە دەکرێت ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دیاریبکرێت[xvi]. بۆیە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەهۆی ئەو پێگە یاساییەی کە هەیە دەبێتە هەڵگری کۆمەڵە مافێک کە دەتوانین بەو شێوەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:

یەکەم: مافی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە پاراستنی سیفەتی نێودەوڵەتیەکەی: دەبێت وڵاتانی جیهان ڕێز لە سەربەخۆیی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بگرن و خۆیان لە گوشارخستنەسەر فەرمانبەری نێودەوڵەتی دووربگرن[xvii]. پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە هەموو ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕێز لە سیفەتی نێودەوڵەتی سکرتێری گشتی و فەرمانبەرەکانی ئەو ڕێکخراوە بگرن و نابێت هەوڵبدەن، لە

کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان، بۆیە فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەبێت سەربەخۆ و بێلایەن بێت[xviii].

دووەم: مافی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە ڕووی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و بیروبۆچوونی سیاسی: فەرمانبەری نێودەوڵەتی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و بیروبۆچوونی سیاسیی هەیە بە مەرجێک کاریگەریی لەسەر سەربەخۆیی و بێلایەنیی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دروستنەکات[xix]. بۆ نموونە لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی دەڵێت: کە بیروڕای فەرمانبەران و بیروبۆچوونی سیاسی و ئاینییان پارێزراوە، بە مەرجێک کە ئەو بیروڕایانە کاریگەرییان لەسەر ئەرکە فەرمیەکانیان و بەرژەوندیی دادگا دروستنەکات و وەکو فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت بکەن[xx].

سێیەم: مافە داراییەکان: فەرمانبەری نێودەوڵەتی مافی هەبوونی مووچەیەکی گونجاوی هەیە، کە بە گوێرەی ئەرکەکەی بێت، هەروەها مافی هەبوونی پاداشتی ساڵانە، بیمەی کۆمەڵایەتی، مۆڵەتی بە مووچە و پلەبەرزکردنەوەی هەیە. مافە داراییەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ناکەوێتە چوارچێوەی باجوەرگرتنەوە چ لەلایەن وڵاتی خۆیەوە بێت یان لەلایەن ئەو وڵاتەوە بێت کە بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوەکە تێیدا بێت[xxi].

چوارەم: مافی فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە پاراستن: فەرمانبەری نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی بە باشی و بە بێترس جێبەجێبکات پێویستی بە پاراستن هەیە لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەک کە بکرێتە سەری، بۆ ئەو مەبەستەش دادگای دادی نێودەوڵەتی لە یەکێک لە فەتوا ڕاوێژکاریەکانی لە (4/11/ 1949) لە کەیسی کوشتنی نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (کونت بیرنادوت) دەڵێت: کە پاراستنی کار (الحماية الوظيفة) بۆ دابینکردنی سەربەخۆییی فەرمانبەر لە کارەکەی کارێکی پێویستە، بۆیە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەبێت فەرمانبەرەکانی لە بەرانبەر هەموو ڕێوشوێنێک و پێشێلکارێک لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بپارێزێت[xxii].

## لقی دووەم
## ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

فەرمانبەری نێودەوڵەتی چەندین ئەرکی هەیە کە بە گوێرەی پەیماننامە و پەیڕەوی ناوخۆییی ڕێکخراوەکە و گرێبەستی کارکردن دیاریدەکرێت، بۆیە دەتوانین گرنگترین ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەو شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:

یەکەم: پابەندبوون بە وەفاداریی ڕەها بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی: ئەوە یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی کە بە گوێرەی ئەو ئەرکە پێویستە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بە ڕەهایی پابەندی هەموو ئەو ڕێنمایی و ڕێسایانە بێت کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەوە دەردەچن و دەبێت هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بدات، بۆ ئەو مەبەستەش ماددەی (١) یەکەم لە پەیڕەوی بنەڕەتیی فەرمانبەری دەستەی ڕێکخراوی

نەتەوەیەکگرتوەکان ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرەکەی بە نووسراوێکی فەرمی وەفاداریی خۆیان بۆ ئەو ڕێکخراوە دەربڕن، بە سیفەتی فەرمانبەری شارستانیی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەرکەکانی خۆیان بە گوێرەی بەرژەوەندیی ئەو ڕێکخراوە ئەنجامبدەن و هیچ ڕێنماییەک لە هیچ حکومەتێک یان لایەنێکی دەرەوی ڕێکخراوەکە وەرنەگرن[xxiii].

دووەم: پابەندبوون بە پاراستنی نهێنیی پیشەیی: فەرمانبەری نێودەوڵەتی پێویستە پابەندی پاراستنی نهێنیەکانی کارەکەی بێت و تەنها کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە بکات بە شێوەیەک کە نابێت نهێنیەکانی پیشەکەی ئاشکرابکات، بۆیە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان جەخت لەسەر ئەو ئەرکەی فەرمانبەرەکانیان دەکەنەوە، تەنانەت دوای وازهێنان یان کۆتاییهاتنی ئەرکەکەیان، بۆ نموونە لە پەیڕەوی بنەڕەتیی فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە برگەی (ط) لە ماددەی (١) یەکەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی بە وریایی و هۆشیاری هەڵسوکەوت لەگەڵ نهێنیەکانی پیشەکەیان بکەن و نابێت هیچ زانیاریەک بۆ حکومەتەکانیان یان تاکەکەسێک یان کیانێکی دیکە ئاشکرابکەن.

سێیەم: پابەندبوون بە سەربەخۆیی و دەستپاکی لە ئەرکی نێودەوڵەتی: پێویستە فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی بە سەربەخۆیی و بێلایەنی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، ئەوەش لە پەیڕەوی بنەڕەتیی فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە بە شێوەیەک کە دەڵێت: هەموو فەرمانبەرانی پێویستە لە ئاستی باڵای لێهاتووتی، توانایی و دەستپاکی بن و لە سەرجەم کارەکانیان خۆڕاگر، سەربەخۆ، دادپەروەر، ئەمانەتدار و ڕاستگۆ بن[xxiv].

چوارەم: خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ ئەرکەکەی: پێویستە فەرمانبەری نێودەوڵەتی خۆی بە تەواوی بۆ ئەو ڕێکخراوە تەرخانبکات کە کاری تێیدا دەکات، بۆیە دەبێت کاتەکەی و هەوڵەکانی تەنها بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تەرخانبکات، بۆ نموونە پەیڕەوی بنەڕەتیی کۆمکاری عەرەبی  جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت فەرمانبەری ئەو کۆمکارە، ئەرکی دیکەی دەرەوەی ئەو کۆمکارەی هەبێت[xxv].

## باسی دووەم

## ڕۆڵی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

دوای ئەوەی کە لە باسی یەکەم چەمکی فەرمانبەری نێودەوڵەتیمان ڕوونکردەوە و پێناسەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتیمان دەستنیشانکرد، لەو باسەدا

پێویستە ڕۆڵی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ڕوونبکەینەوە.

ئەمرۆ زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دادگای کارگێڕیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ئەرکیان پاراستنی مافی فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە. ئەو دادگایانە بە دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی دادەنرێن، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ئەو دادگایانە ئێمە تەنها باسی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەین، کە ئایا بە چ شێوەیەک مافی فەرمانبەرانی خۆی دەپارێزێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو باسە دابەشی دوو تەوەرە دەکەین بە شێوەیەک لە تەوەرەی یەکەم باسی گەرەنتیەکانی پاراستنی مافی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی دەکەین و لە تەوەرەی دووەم باسی سیستەمی دادپەروەریی ناوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم
## گەرەنتیەکانی پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

فەرمانبەری نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات هەروەها مافەکانی دەستەبەربکات پێویستی بە چەندین گەرەنتی هەیە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر دەستدرێژیی وڵاتانی ئەندام یان خۆدی ڕێکخراوەکە پارێزگاری لێ بکات یان لە بەرانبەر گوشاری سیاسیی وڵاتان خۆی بپارێزێت، بۆیە بۆ ئەوەی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بتوانێت کارەکانی بە سەربەخۆیی و بێلایەنی ئەنجامبدات، چەندین گەرەنتی هەن، کە ئێمە لەو تەوەرەدا باسی گەرەنتیە کارگێڕی و دادوەریەکان دەکەین، ئەویش لە ڕێگای دابەشکردنی ئەو تەوەرە بۆ دوو لق، کە لە لقی یەکەم باسی گەرەنتیەکانی کارگێڕی بۆ پاراستنی مافی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی دەکەین و لە لقی دووەم باسی گەرەنتیە دادوەرییەکانی پاراستنی مافی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی دەکەین.

### لقی یەکەم
### گەرەنتیە کارگێڕیەکانی پاراستنی مافی فەرمانبەری نێودەوڵەتی

ئەگەر فەرمانبەری نێودەوڵەتی لەلایەن سەرۆکەکەی مافەکانی پێشێلبکرێت یان دەسەڵاتە کارگێڕیەکانی ڕێکخراوەکە بە شێوەی خراپ دەسەڵاتەکانی لە دژی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بەکاربهێنرێن ئەوا پێویستە دەسەڵاتێکی کارگێڕیی بێلایەن پارێزگاری لە مافەکانی ئەو فەرمانبەر بکات کە دەتوانین بە گەرەنتیە کارگێڕیەکانی بۆ پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی ناوییبەین.

دوو جۆر گەرەنتیی کارگێڕی هەن کە دەکرێت بەو شێوەی خوارەوە دەستنیشانبکرێن:

یەکەم: گەرەنتیە کارگێڕیەکانی پێش دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی: ئەو گەرەنتیانە کە پێش دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی دەبن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگریبکەن لەوەی سەرۆکی ڕێکخراوەکە یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بڕیارێک دەربکات و ببێتە هۆی دەستدرێژی لەسەر مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی، ئەو گەرەنتیەش بەو شێوەیە دەبێت کە پێش

دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی ڕاوێژ بە لیژنەکانی ڕاوێژکاری دەکەن و ئەو لیژنانە پێش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە دروستیی ئەو بڕیارانە دەکۆڵنەوە [xxvi]. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دەرکردنی بڕیارەکان کار بەو ڕێگایە دەکات، بۆیە لیژنەی هاوبەشی ڕاوێژکاری بە گوێرەی ماددەی (8) بڕگەی دووەم لە سیستەمی یاسایی فەرمانبەری سکرتاریەتی گشتی (الامانة العامة) دامەزراندوە، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو لیژنەیە ئەوەیە کە سەبارەت بە سەرجەم بابەتەکان ڕاوێژ پێشکەشی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە بکات.

هەروەها بە گوێرەی پەیڕەوی بنەڕەتیی فەرمانبەری سکرتێری گشتی (الامانة العامة) کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ماددەی (50) دەڵێت: کە سکرتاریەتی گشتی (الامانة العامة) بە پێی بڕیاری سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە، لیژنەیەک دروستدەکات بە ناوی لیژنەی کاروباری فەرمانبەران کە ئەرکی ئەو لیژنەیە بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی بیروڕا و ڕاوێژ سەبارەت بە هەموو کاروباری فەرمانبەران و باش بەڕێوەبردنی کاروباری سکرتاریەتی گشتی، بۆیە بەو شێوەیە ڕێکخراوی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی پێش دەرکردنی بڕیارەکانی دەبێت ڕاوێژ بەو لیژنەیە بکات.

دووەم: گەرەنتیە کارگێڕیەکانی دوای دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی: ئەو گەرەنتیە بریتیە لەوەی کە فەرمانبەری نێودەوڵەتی داوا دەکات پێداچوونەوە بە ئەو بڕیارە کارگێڕیە بکات کە لە دژی دەرچووە، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەتوانێت تانە لەو بڕیارە بدات کە لە دژی دەرچووە، بۆیە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕێگا بە فەرمانبەرانی دەدات تانە لە هەر بڕیارێک بدەن کە زیانیان پێی دەگەیەنێت، لەسەر ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لیژنەیەک هەبوو بە ناوی لیژنەی پێداچوونەوەی هاوبەشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان (لجنة الإستئناف المشتركة لمنظمة الأمم المتحدة) کە فەرمانبەران دەیانتوانی بەرانبەر ئەو لیژنە تانەی خۆیان پیشکەشبکەن. هەروەها لیژنەی ڕاوێژکاریی هاوبەش بۆ پێداچوونەوە (اللجنة الاستشارية المشتركة لإعادة النظر) لە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی هەیە[xxvii].

## لقی دووەم

## گەرەنتیەکانی دادوەریی پاراستنی مافی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی

فەرمانبەری نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی جێبەجێبکات چەندین گەرەنتیی دادوەری هەیە کە بە هۆیەوە فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەتوانێت بە هۆیانەوە پارێزراو بێت، ئەو گەرەنتیانەش بەهۆی بوونی وەزیفەی نێودەوڵەتیە نەک خۆدی فەرمانبەرەکە، ئەو گەرەنتیانەش هەر یەک لە پارێزبەندیی شارستانی و تاوانی لەخۆدەگرێت [xxviii]:

پارێزبەندیی شارستانی: فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی پارێزبەندیی شارستانییان هەیە، بەڵام پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو گرووپ لە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکەین: گرووپی یەکەم پارێزبەندیی شارستانییان بە شێوەی ڕەها هەیە ئەو پارێزبەندیە هەم کارە فەرمیەکان و هەم

کارە تایبەتیەکان لەخۆدەگرێت. ئەو پارێزبەندیە نوێنەرانی دبلۆماسی لەخۆدەگرێت. گرووپی دووەم ئەو کەسانەن کە تەنها پارێزبەندییان لە کارە فەرمیەکان هەیە و کارە تایبەتیەکانیان ئەو پارێزبەندیە لەخۆناگرێت[xxix].

پارێزبەندیی تاوانی: بەشێک لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی جیاوازی لە نێوان فەرمانبەرەکانیان دەکەن بەوەی کە ئایا تا چەند هەڵگری پارێزبەندی و ئیمتیازاتن و ئەو جیاوازیەش بە گوێرەی سروشتی ئەو کارە دەبێت کە پێی ڕاسپێردراون، بۆ نموونە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پارێزبەندیی ڕەهایی دەداتە هەر یەک لە سکرتێر گشتی ئەو ڕێکخراوە و یاریدەدەرانی سکرتێرەکە و فەرمانبەرانی دیکە هەر یەک بە گوێرەی ئەو سیفەتە فەرمیەی کە لە ڕێکخراوەکە هەیە و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بە پێی ئەو سیفەتە ئەنجامیدەدات، پارێزبەندیی تاوانی پێدەدرێت. بەهۆی ئەو پارێزبەندیە فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەکەوێتە دەرەوی تایبەتمەندیەکانی دادگا نیشتیمانیەکان و ناکرێت لێپێچینەوە لە هەڵسوکەوتی تاوان یان شارستانیی ئەو کەسانە بکرێت، مەگەر دوای هەڵگرتنی ئەو پاریزبەندیە بێت[xxx].

پارێزبەندیی تاوانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم ڕێوشوێنە تاوانیەکان و هەم دادگاکان ڕابگیرێن و نەتوانن هیچ ڕێوشوێنێک بەرانبەر بەو کەسانە بگرنەبەر کە پارێزبەندیی تاوانییان هەیە، لە بەرانبەر پێشێلکردنی یاساکان، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو چین لە فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکەین:[xxxi]

گرووپی یەکەم: ئەو فەرمانبەرانەن کە پارێزبەندیی ڕەهایان هەیە و دادگا تاوانیەکان ناتوانن دادگایی ئەو کەسانە بکەن جا چ پەیوەندی بە هەڵسوکەوتەکانی فەرمی یان تایبەتیەوە هەبێت.

گرووپی دووەم: ئەو فەرمانبەرانەن کە پارێزبەندی تەنها هەڵسوکەوتە فەرمیەکانیان لەخۆدەگرێت بەبێ ئەوەی هەڵسوکەوتە تایبەتیەکان لەخۆبگرێت.

## تەوەرەی دووەم

## سیستەمی دادوەریی ناوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان

بیرۆکەی بوونی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پەیوەست بوو بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی، چونکە بوونی دادگاکانی کارگێڕیی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکانی ئەرکی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و پاراستنی ئەرکی نێودەوڵەتی و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافەکانی فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی پێویست بوو[xxxii].

سەبارەت بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان فەرمانبەرانی لەگەڵ ڕێکخراوەکە دروستدەبێت، ئەو ڕێکخراوە سیستەمی دادپەروەریی ناوخۆیی خۆی هەیە، ئەو سیستەمە پشت بە دوو دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان و دادگای تێهەڵچوونەوە (محكمة الاستئناف) دەبەستێت[xxxiii]، بۆیە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە

سیستەمی دادوەریی ناوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەو تەوەرە دابەشی دوو لق دەکەین، بە شێوەیەک کە لە لقی یەکەم باسی دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان دەکەین و لە لقی دووەم باسی دادگای تێهەڵچوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەین.

## لقی یەکەم

## دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکوکیەکان:

بە گوێرەی پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکوکیەکان، دادگایەک دادەمەزرێت کە ناوەکەی بریتییە لە دادگای نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکوکیەکان، ئەو دادگایە، دادگای سەرەتاییە لە چوارچێوەی سیستەمی دادپەروەریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان[xxxiv].

دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان لە ساڵی (2009) دەستبەکاربوو، کە شوێنی سەرجەم ئەو دەستانەی گرتەوە کە هەڵوەشابوونەوە وەکو ئەنجوومەنی هاوبەشی تانەکان، لیژنەی تادیبی هاوبەش و دادگای کارگێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان. ئەو دادگایە بە مەبەستی پاراستنی سەرجەم مافەکانی ئەو ڕێکخراوە دامەزرا، کە بە شێوەی ناناوەندی کار دەکات چونکە تۆمارەکانی ئەو دادگایە لە هەر یەک لە شارەکانی نیویورک، جنیف و نیروبی جگە لەم شوێنانە دادگا بۆی هەیە لە هەر شوێنکی دیکە تۆماری خۆی دابنیت و کۆبوونەوەکانی خۆی لە شوێنێکی دیکە ئەنجامبدات بە گوێرەی ڕێژەی ئەو سکاڵایانەی کە ئاراستەی دەکرێن[xxxv].

ئەو دادگایە لە سێ دادوەر کە بە شێوەی تەواوکات (متفرغین) و شەش دادوەر کە بە شێوەی نیوە کات کار دەکەن پێکدێت، نابێت دوو دادوەر ڕەگەزنامەی یەک وڵاتیان هەبێت و لە هەڵبژاردنی دادوەران پێویستە ڕەچاوی دابەشبوونی جوگرافی بکرێت. هەروەها پێویستە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەز ڕەچاو بکرێت و ئەو کەسانەی کە دەبنە دادوەر دەبێت لە ئاستێکی بەرزی ئەخلاقیدا بن و بێلایەن و سەربەخۆ بن و بە لایەنی کەمەوە دە ساڵ شارەزایی دادوەری لە بواری یاسای کارگێری لە سیستەمەکانی دادوەری نشتیمانی خۆیاندا هەبێت. هەروەها پێویستە ئەو دادوەرانە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە قسەکردن و نووسین بزانن، ماوەی ئەندامیەتیی ئەو دادوەرانە حەوت ساڵە کە ناکرێت بۆ جاری دووەم درێژبکرێتەوە. دادوەرەکان لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دادەمەزرێن کە لە لایەن ئەنجوومەنی دادی ناوخۆیی بۆ کۆمەڵەی گشتی پێشنیازدەکرێن[xxxvi].

ئەو دادگایە چەندین پسپۆڕی یان تایبەتمەندیی هەیە، کە دەتوانین گرنگترینیان بەو شێوەیە دیار بکەین، کە تایبەتمەندە بە سەیرکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو سکاڵایانەی کە لە لایەن فەرمانبەرانەوە لە دژی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە پێشکەشی ئەو دادگایە دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش دادگا دەتوانێت سەیری ئەو حاڵەتانەی خوارەوە بکات: تانە لێدان لە بڕیاری کارگێڕی کە تێیدا مەرجەکانی دامەزراندن یان گرێبەستی کار ڕەچاونەکراوە. هەروەها تانە لێدان لە بڕیارێکی کارگێڕی کە پەیوەندیدارە بە سەپاندنی ڕێوشوێنێکی سزادان (تأدیبی)، یان پابەندبوون

بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێک کە لە ڕێگای نێوەندگیری (الوساطة) دروستبووە. هەروەها ئەو دادگایە تایبەتمەندە بە سەیرکردن یان بڕیاردان لەسەر سکاڵایەک کە لە لایەن کەسێک پێشکەشی دەکرێت و تێیدا داوا دەکات جێبەجێکردنی بڕیارێک ڕابگرێت تا ئەو کاتەی  کە ئەو دادگایە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بڕیارە کارگێڕییە بکات کە تانەی لێدراوە، کە پێ دەچێت بڕیارێکی نایاسایی بێت و جێبەجێکردنی ببێتە هۆی زیانگەیاندن، بڕیاری دادگای ناکۆکیەکان لەو حاڵەتەدا بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەیە و ناکرێت تێهەڵچوونەوە بکرێت (غیر قابل للاستئناف). یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی ئەو دادگایە ئەوەیە کە سەیری هەموو ئەو سکاڵایانە دەکات کە لە دژی دەزگا تایبەتمەندە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەردەچێت[xxxvii]. (الوكالات المتخصصة لمنظمة الامم المتحدة)

سەبارەت بەو کەسانەی کە دەتوانن سکاڵا لەبەردەم ئەو دادگایە تۆماربکەن، ماددەی 3 لە پەیڕەوی ئەو دادگایە بەو شێوەیە ئەو کەسانە دەستنیشاندەکات:

أ- هەر فەرمانبەرێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وەکو فەرمانبەرانی سکرتاریەتی نەتەوەیەکگرتوەکان (الامانة العامة للامم المتحدة) یان فەرمانبەرانی سەندووقەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان (صناديق الامم المتحدة و برامجها) کە بە شێوەیەی سەربەخۆ بەڕێوەدەبرێن.

ب-هەر فەرمانبەرێکی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وەکو فەرمانبەرانی سکرتاریەتی نەتەوەیەکگرتوەکان (الامانة العامة للامم المتحدة) یان فەرمانبەرانی سەندووقەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان (صناديق الامم المتحدة و برامجها) کە بە شێوەیەی سەربەخۆ بەڕێوەدەبرێن.

ت-هەر کەسێک بە ناوی فەرمانبەرێکی بێتوانا  یان مردووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەتوانێت سکاڵا تۆماربکات.

دانیشتنەکانی ئەو دادگایە بە شێوەی نهێنی دەبێت و دەبێت لایەنەکان پابەندی بڕیارەکانی ئەو دادگایە بن، بەڵام دەکرێت تانە لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە بدرێت لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە (الاستئناف)، بەڵام ئەگەر لە کاتی دیاریکراوی تانە لێدان هیچ یەک لە لایەنەکان تانەیان لە بڕیاری ئەو دادگایە نەدا، لێرەدا پێویستە لایەنەکان ئەو بڕیارە جێبەجێبکەن کە لە لایەن دادگای ناکۆکییەکانەوە دەرچووە. بڕیارەکانی ئەو دادگایە بە زمانە فەرمیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەردەچێت[xxxviii]. بەڵام هەر یەک لەلایەنەکان دەتوانن داوای دووبارە پێداچوونەوە بە بڕیاری دادگا بکەن ئەگەر ڕووداوێکی نوێ و یەکلایکەرەوە هاتە پێش کە پێشتر لە دادگا تۆمارنەکرابوو، بە مەرجێک لە ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگاداربوون لەو ڕووداوانە پێشکەشی دادگا بکەن یان لە ماوەی ساڵێک لە دوای دەرکردنی بڕیاری دادگا پێشکەشی ئەو دادگایە بکەن[xxxix].

## لقی دووەم
## دادگای تێهەڵچوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان

دادگای تێهەڵچوونەوە، دادگای پلەدووە، کە لە سیستەمی دادوەریی ناوخۆیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دامەزراوە، ڕۆڵێکی چالاکی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە هەیە، هەر کاتێک دادگای پلەیەک کە مەبەستمان دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان هەڵەیەکی ئەنجامدا یان دەسەڵاتەکانی بە شێوەی خراپ بەکارهێنا یان هەڵەیەک لە بڕیارەکانیدا هەبوو، دەتوانرێت بەرانبەر بە دادگای تێهەڵچوونەوە تانەی لێ بدرێت[xl].

دادگای تێهەڵچوونەوە پەیرەوی ناوخۆیی و لائحەی ناوخۆیی (لائحة الداخلیة) خۆی هەیە پەیرەوی ناوخۆیی و لائحەی ناوخۆیی ئەو دادگایە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی پێکهاتەی ئەو دادگایە و پسپۆڕیەکەی، هەروەها دامەزراوە سەرەکیەکانی ئەو دادگایە کە لە هەر یەک لە دامەزراوەکانی کارگێڕی و دادوەری پێکدێت دیاریدەکات، جگە لەوەی کە پسپۆڕی کەسیەتی و بابەتی ئەو دادگایە دیاریدەکەن.

پێکهاتەی دادگای تێهەڵچوونەوە: ئەو دادگایە لە دوو پێکهاتەی کارگێڕی و دادوەری پێکدێت بەو شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: پێکهاتەی کارگێڕیی دادگای تێهەڵچوونەوە: پێکهاتەی کارگێڕیی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دوو بەشی دەستەی سەرۆکایەتیی دادگا (هیئة رئاسة المحكمة) و بەشی پێنووسی دادگا (قلم المحكمة) پێکدێت.

دەستەی سەرۆکایەتیی دادگا: ئەو دەستەیە لە سەرۆکێک و دوو جێگیر پێکدێت، کە هەڵبژاردنیان لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردندا دەبێت[xli]. ماوەی ئەندامیەتی سەرۆک و جێگیرەکانی یەک ساڵە و هەر کاتێک سەرۆک یان جێگیرەکانی پێش تەواوبوونی ماوەکەیان دەستیانلەکارکێشایەوە، ئەوە هەڵبژادنێکی نوێ ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆک و جێگری نوێ بۆ ئەو دەستەیە[xlii].

دەستەی سەرۆکایەتیی دادگا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستن و ئیدارەدانی ئەو دادگایە هەیە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی لایەنی کارگێڕی و دادوەریی ئەو دادگایە و ئەو ئەرکانەی خوارەوەی لەئەستۆیاندایە:

أ- دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان کاری دادگا و پێنووسی دادگا و ڕێکخستنی هەموو کاروباری کارگێڕیی کە دادگا پێی هەڵدەستێت و سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکان دەکات، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە ئایا ئەو داوایەی پێشکەشی دادگا کراوە لە دەسەڵات و پسپۆڕیی ئەو دادگایەیە یاخود نا؟

ب-دەستەی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی دادوەریی هەیە. خۆی لە یەکلاییکردنەوەی ئەو سکاڵایانە دەبینێتەوە کە پێشکەشی دادگای تێهەڵچوونەوە دەکرێن، هەروەها لەگەڵ دادوەرەکانی تری ئەو دادگایە پێکەوە بڕیارەکان دەردەکەن و سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەو دادگایە دەکەن، هەروەها دەستەی سەرۆکایەتیی دادگا بڕیار دەدات ئایا دانیشتنەکانی دادگا بە شێوەی ئاشکرا بێت یاخود بە نهێنی ئەنجامبدرێت.

ت-هەروەها دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت داوای کۆبوونەوەکانی نائاسایی (الاستثنائية) بکات ئەگەر ژمارەی داواکانی بەردەم ئەو دادگایە زۆر بن.

دووەم: پێنووسی دادگا: پێنووسی دادگا بەرپرسی لایەنی کارگێڕیی ئەو دادگایەیە کە هەم لە بارەگای ئەو دادگایە لە نیویورک هەیە هەم لە هەر یەک لە نایرۆبی و جنێف هەن، کە لە سەرۆک و فەرمانبەرەکانی پێکدێت، سەرۆکی پێنووسی دادگا لە لایەن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دادەمەزرێت.

پێکهاتەی دادوەریی دادگای تێهەڵچوونەوە: ئەو دادگایە لە حەوت دادوەر پێکدێت، کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دادەمەزرێن، دوای ئەوەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی ناوخۆیی، ناوەکان پێشکەشی کۆمەڵەی گشتی کران، دادوەرەکان دەبێت خاوەن ڕەگەزنامەی جیاواز بن و نابێت دوو دادوەر هەمان ڕەگەزنامەیان هەبێت و لە هەڵبژاردنی دادوەرەکان دەبێت ڕەچاوی دابەشبوونی جوگرافی و هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ بکرێت. دەبێت دادوەرەکان لە ئاستێکی باڵای ئەخلاقیدا بن و خاوەن (15) ساڵ ئەزموون و شارەزایی بن لە بواری یاسای کارگێڕی یان هاوشێوەکەی لە سیستەمی نیشتیمانیی خۆیاندا. ماوەی ئەندامیەتیی دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە حەوت ساڵە کە ناکرێت دووبارە بکرێتەوە، دادوەران بە سیفەتی کەسێتی و سەربەخۆیی تەواو کاردەکەن. کۆمەڵەی گشتی دەسەڵاتی لابردنی دادوەرانی ئەو دادگایەی هەیە هەر کاتێک کە دادوەران هەڵسوکەوتێکی خراپیان ئەنجامدا یان لێهاتوویی (اهلية) خۆیان لەدەستدا[xliii].

سەبارەت بە پسپۆڕیی ئەو دادگایە دوو پسپۆڕیی کەسێتی و بابەتیی هەیە، کە دەکرێت بەو شێوەیەی خوارەوە باسیان بکەین:

پسپۆڕیی کەسێتی (الاختصاص الشخصي للمحكمة): مەبەست لە پسپۆڕیی کەسێتی دادگای تێهەڵچوونەوە بە واتای ئەوە دێت کە ئایا چ کەسانێک دەتوانن تانە لە بەردەم ئەو دادگایە تۆماربکەن کە لێرەدا تەنها فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە دەتوانن تانە لە بەردەم ئەو دادگایە تۆماربکەن بەو شێوەیە[xliv]:

أ- فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەو ڕێکخراوانە کە ئەندامن لە سەندووقی خانەنشینی.

ب-فەرمانبەرانی سەندووقەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و بەرنامەکانی کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیان هەیە (برامجها ذات الادارة المستقلة).

ت-میراتگرانی فەرمانبەری کۆچکردوو یان هەر فەرمانبەرێک کە بەشدارە لە سەندووقی خانەنشینی.

پسپۆڕیی بابەتیی دادگای تێهەڵچوونەوە: سەبارەت بە پسپۆڕیی بابەتیی ئەو دادگایە بە گوێرەی ماددەی (2) لە پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگای تێهەڵچوونەوە بریتیە لە تانەلێدان لە بڕیارەکانی دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان لەو حاڵەتانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان لە سنووری دەسەلاتی دادوەری و پسپۆریەکەی دەرچوو.

ب-ئەگەر دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە جێبەجێنەکرد.

ت-ئەگەر دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان تووشی هەڵەیەک سەبارەت بە بابەتێکی یاسایی بوو.

ث-ئەگەر دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان تووشی هەڵە لە ڕێوشوێنێک بوو کە کاریگەریی لەسەر سەیرکردنی داوایەک هەبوو.

ج- ئەگەر دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان، تووشی هەڵە سەبارەت بە ڕووداوێک یان بارودۆخێک بوو کە بە هۆیەوە بڕیارێکی نەگونجاوی دەرکرد.

بە گوێرەی ماددەی (10) لە پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگای تێهەڵچوونەوە بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە بڕیاری کوتایی و یەکلایکەرەوەن، کە هەر دوو لایەن پێویستە پێوەیپابەندبن. بەڵام هەر یەک لە لایەنەکان دەتوانن داوای دووبارە پێداچوونەوە بە بڕیاری ئەو دادگایە بکەن، ئەگەر هات و ڕووداوێکی یەکلاییکەرەوە ئاشکرا بوو کە پێشتر لە چاوی دادگا دوور مابوو، ماوەی ئەو داواکارییەش (30) ڕۆژە لە ڕۆژی ئاشکرا بوونی ئەو ڕووداوە یان یەک ساڵە لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دادگای تێهەلچوونەوە پێویستە پێشکەشی ئەو دادگایە بکرێت[xlv].

## کۆتایی

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕۆڵی دادگای کارگێڕیی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافەکانی فەرمانبەری نێودەوڵەتی دەتوانین گرنگترین دەرئەنجام و پێشنیازەکان بەو شێوەی خوارەوە دیاربیکەین:

**یەکەم: ئەنجام:**

1- فەرمانبەری نێودەوڵەتی بریتیە لە هەر فەرمانبەرێک کە بە کرێ یان بێ کرێ بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی لەلایەن یەکێک لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی دادەمەزرێت و کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە دەکات کە کاری تێیدا دەکات. دەبێت بە تەواوی ملکەچی هەموو ئەو ڕێنمایی و یاسایانە بێت کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەوە دەردەچن. هەروەها پێویستە بە تەواوی خۆی بۆ کاری ئەو ڕێکخراوە تەرخان بکات و نەکەویتەو ژێر کاریگەری و گۆشاری ولاتەکەی یان هەر لایەنێکی دیکە.

2- فەرمانبەری نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێدەکات جا ئەو ڕێکخراوە جیهانی بێت یان هەرێمی بێت و بەهۆی ئەو ڕێکخراوە فەرمانبەری نێودەوڵەتی سیفەتی نێودەوڵەتیبوونی وەردەگرێت. ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی خاوەن کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتین، بەڵام ئەو کەسایەتییە سنووردار و وەزیفیە کە بە گوێرەی دەستووری ئەو ڕێکخراوە پسپۆڕیەکان و تایبەتمەندیەکانی دیاریدەکرێت.

3- سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چەندین تیۆری جیاواز هەن وەکو ئەوەی کە بەشێک دەڵێن ئەو پەیوەندیە گرێبەستیە. لە بەرانبەردا، بەشێکیش پێیانوایە کە پەیوەندیەکی ڕێکخراوە، بەڵام لێرەدا تیۆری ناوەندیش هەیە کە دەڵێت ئەو پەیوەندیە تێکەڵاوە لە هەر دوو جۆری گرێبەست و ڕێکخستن. بە بڕوای زۆرینە دەڵێن ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی گرێبەستیە، بەڵام لە جۆری تایبەت ملکەچی ڕێسا و ئەو بنەمایانە دەبن کە لەلایەن بەرزترین دامەزراوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەردەچێت.

4- فەرمانبەری نێودەوڵەتی کۆمەڵە مافێک هەیە کە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین فەرمانبەری نێودەوڵەتی سیفەتی نێودەوڵەتیبوونی وەردەگرێت و مافی ئازادیی ڕادەربڕینی سیاسی و ئاینی هەیە بە مەرجێک کاریگەری لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی کارکردنی لە ڕێکخراوەکە دروستنەکات، هەروەها فەرمانبەری نێودەوڵەتی مافە داراییەکانی وەکە مووچە، پاداشت، خانەنشینی و بیمەی کارکردنی هەیە. فەرمانبەری نێودەوڵەتی مافی پاراستنی هەیە.

5- فەرمانبەری نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی مافەکانی دەستەبەربکات و ئەرکەکانی بە باشی جێبەجێبکات کۆمەڵە گەرەنتیەکی هەیە، کە هەر یەک لە گەرەنتیە کارگێڕی و دادوەریەکان لەخۆدەگرن، گەرەنتیە کارگێڕیەکان بۆ دوو جۆری گەرەنتیی پێش دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی و گەرەنتیی دوای دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی دابەشدەبن. و گەرەنتیە دادوەریەکان دەکرێت پاراستنی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بێت بە هۆی پارێزبەندیی

شارستانی یان تاوانی کە ڕێگا لەوە دەگرێت، فەرمانبەری نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی تاوانی بکرێتەوە.

6- یاسای نێودەوڵەتیی کارگێڕی ڕۆڵێکی بەرزی لە پاراستنی مافی فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەیە بە شێوەیەک کە هەر ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سیستەمێکی یاساییی کارگێڕیی ناوخۆیی خۆی هەیە، کە فەرمانبەرانی ئەو ڕێکخراوە دەتوانن لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانیان پەنا بۆ ئەو دادگا کارگێڕیانە ببەن.

7- ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وەکو ڕێکخراوێکی جیهانی کە تایبەتمەندی و پسپۆڕیەکانی فرەلایەنە، خاوەن سیستەمی دادوەریی ناوخۆییە کە بە گوێرەی ئەو سیستەمە دوو جۆر دادگای کارگێڕیی هەیە. هەر یەک لە دادگای کارگێڕیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکوکیەکان و دادگای تێهەڵچوونەوە لەخۆدەگرێت. دادگای ناکۆکیەکان دادگای سەرەتاییە کە سەرتا پێویستە فەرمانبەری ئەو ڕێکخراوە داوا لە بەردەم ئەو دادگایە تۆماربکات. دەکرێت بڕیارەکانی ئەو دادگایە لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە تانەی لێبدرێت. دادگای تێهەڵچوونەوە دادگای پلەدووە، کە بڕیارەکانی کۆتایین و سەیری ئەو تانانە دەکات کە لە بەرانبەر بڕیارکانی دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ناکۆکیەکان پێشکەشیدەکرێن.

**دووەم: پێشنیازەکان:**

1- پێویستە پێناسەیەکی یەکگرتوو و یاسایی لە چوارچێوەی یاسای کارگێڕیی نێودەوڵەتی بۆ فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکرێت بە شێوەیەک کە جیاوازی لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی نەکرێت و هەموو ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بتوانن هەمان پێناسە بۆ فەرمانبەرەکانیان بکەن و لە چوارچێوەیدا ماف و ئەرکەکانیان دیاریبکەن.

2- پێویستە یاسایەکی یەکگرتوو هەبێت بۆ ئەوەی ڕێکخستنی یاسایی خزمەتی شارستانیی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بکات.

3- پێویستە دادگایەکی نێودەوڵەتیی کارگێڕی هەبێت بە شێوەیەک کە تایبەتمەند بێت بە سەیرکردنی هەموو ئەو ناکۆکیانە و سکاڵایانەی کە لە نێوان فەرمانبەری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دروستبێت.

[i] - د. سهيل حسين الفتلاوي، الأمم المتحدة: أهداف الأمم المتحدة و مبادئها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، عمان، دار الجامد، 2011، ص 293.

[ii] – بڕیاری ڕاوێژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە 1949/4/11.

[iii] – ماددەی (1) لە ڕێکەوتننامەی سەلامەتی فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و تاکەکانی پەیوەندیداری ساڵی 1994. ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی (1999) چووە وارێ جێبەجێ کردنەوە.

[iv] - د. عبدالله علي عبو، المنظمات الدولية، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة دهوك، 2010، ص 126.

[v] - د. عبدالرحمن علي ابراهيم غنيم، الموظف العام و الموظف الدولي: دراسة مقارنة، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، مركز جيل البحث العلمي، العدد 26، يوليو 2018، ص 93.

[vi] - د. اسراء حسين عزيز حجازي، المركز القانوني للموظف الدولي، مجلة جنوب الوادي للدراسات القانونية، كلية الحقوق بقنا، العدد الثاني – الجزء الأول، 2017، ص 232.

[vii] – د. عصام العطية، القانون الدولي العام، الطبعة الثانية، المكتبة القانونية، بغداد، 2012، ص 295.

[viii] - د. محمد سامي عبدالحميد، الجماعة الدولية دراسة للمجتمع الدولي، الطبعة السابعة، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2004، ص 252 و مابعدها.

[ix] – د. علي زراقط، الوسيط في القانون الدولي العام، الطبعة الاولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، 2011، ص 323 و مابعدها.

[x] - د. عبدالله علي عبو. القانون الدولي العام، الطبعة الاولى، مكتبة يادگار، السليمانية، 2019، ص 342.

[xi] – هبه جمال ناصر عبدالله علي، المركز القانوني للموظف الدولي، رسالة الماجستر مقدمة الى كلية القانون جامعة الشرق الأوسط، 2011، ص 99.

[xii] – د. اسماعيل ساسا البوديري و د. حيدر كادم عبيد علي و ايمان عبيد كريم السلطاني، الموظف الدولي و طبيعة علاقته بالمنظمة الدولية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الأول/ السنة الحادي عشر 2019، ص 121.

[xiii] – رواحنة بدرالدين، المركز القانوني للموظف الدولي، رسالة الماستر مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية/ قسم الحقوق، جامعة محمد خيضر- بسكرة، 2016، ص 29.

[xiv] – د. عبير يجار و د. أحلام وغيلسي، علاقة الموظف الدولي و المنظمة الدولية في إطار الشرعية الدولية: الأمم المتحدة نموذجا، مجلة ادوالف في الدراسات السياسية، المجلد 1 العدد 2، 2020، ص92.

[xv] - رؤى ابراهيم خالد، معيار التزام الموظف الدولي بقواعد الشرعية الدولية، مجلة اداب الفراهيدي، العدد 37 اذار 2019، ص 335.

[xvi] – رؤى ابراهيم خالد، مصدر سابق، ص 332.

[xvii] - عبدالرحمن علي إبراهيم غنيم، الموظف العام و الموظف الدولي: دراسة مقارنة، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، مركز جيل البحث العلمي، العدد 27 يوليو 2018، ص 96.

[xviii] – ماددەی (110) لە پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی 1945.

[xix] – د. قوسم الحاج غوثي و محمدي محمد الأمين، الموظف الدولي على ضوء النظم الأساسية للمنظمات الدولية، مجلة البحوث في الحقوق و العلوم السياسية، العدد 6، 2017، ص 55.

[xx] - ماددەی (1) بڕگەی و لەپەیڕەوی بنەڕەتی فەرمانبەری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ساڵی 2003.

[xxi] – ماددەی (3) لەپەیڕەوی بنەڕەتی فەرمانبەری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ساڵی 2003.

[xxii] – فەتوای ڕاوێژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە 11/4/ 1949.

[xxiii] - د. قوسم الحاج غوئي و محمدي محمد الأمين، مصدر سابق، ص 56.

[xxiv] - ماددەی (1) لە پەیڕەوی بنەڕەتی فەرمانبەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

[xxv] – ماددەی (8) لە پەیڕەوی بنەرەتی کۆمکاری عەرەبی.

[xxvi] – رواحنة بدرالدين، مصدر سابق، ص 56.

[xxvii] - د. اسراء حسين عزيز حجازي، مصدر سابق، ص 289.

[xxviii] - د. علي زراقط، مصدر سابق، ص 336.

[xxix] – أمينة سعدالله، الموظف الدولي و حقوقه، رسالة ماستر مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر بسكرة، 2019، ص 42.

[xxx] – د. عبير يجار و د. أحلام غليسي، مصدر سابق، ص 92.

[xxxi] – د. محمد رضا ضيائي بيگدلی، حقوق بين الملل عمومی، چاپ چهل و هفتم، گنج دانش، تهران، 1393، ص 405.

[xxxii] – د. عبدالله علي عبو، القضاء الدولي الاداري في اطار المنظمات الدولية، الرافدين للحقوق مجلد (3/ السنة العاشرة) عدد (26) سنة 2005، ص 318.

[xxxiii] – د. عبدالله علي عبو، نظام اقامة العدل الداخلي في الأمم المتحدة، مجلة اهل البيت، العدد 15، ص 86. د. ماهر جميل أبو خوات، القضاء الإداري في الأمم المتحدة (دراسة في إطار النظام الجديد للعدل الداخلي)، مجلة الشريعة و القانون، العدد 31، المجلد 2، 2016، ص 14.

[xxxiv] - ماددەی (1) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکوکییەکان.

[xxxv] - ماددەی (5) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکوکییەکان.

[xxxvi] - ماددەی (4) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکۆکییەکان.

[xxxvii] – ماددەی 3 لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکۆکییەکان.

[xxxviii] - ماددەی (11) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکۆکییەکان.

[xxxix] – ماددەی (12) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناکۆکییەکان.

[xl] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جنان كاظم جنجر، التنظيم القانوني لمحكمة الإستئناف في الأمم المتحدة، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون بجامعة كربلاء، 2019، ص 24 و مابعدها.

[xli] – بە گشتی ئەو دادگایە چوار جۆری کۆبوونەوە یان دانیشتنی هەیە: یەکەم: کۆبوونەوەی دامەزراندن (الجلسة التأسيسية) ئەو کۆبوونەوە لە سەرەتای ساڵ ئەنجامدەدرێت کە تایبەتە بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ئیدارەدانی دادگاکە و کارکردن بەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە دادگاکە کارەکانی بە گوێرەیان ئەنجامدەدات. دووەم: کۆبوونەوەی ئاسایی: ئەو کۆبوونەوانە تایبەتن بە سەیرکردنی ئەو سکاڵا و کێشانەی کە پێشکەشی ئەو دادگایە دەکرێن، ئەو کۆبوونەوانە دەکرێت لە دەرەوەی بارەگای ئەو دادگایە کە نیویورکە ئەنجامبدرێت. دەکرێت لە شاری جنیف یان نایبروبی یان هەر شوێنێکی دیکە کە دادگا بڕیاری لەسەر بدات ئەنجامبدرێت. سێیەم: کۆبوونەوە ڕاویژکاری: ئەو کۆبوونەوانە لەسەر داوای سەرۆکی دادگاکە دەبێت و مەبەستی ڕاوێژکردنە لەسەر سکاڵا یان کێشەیەک کە لەبەردەم ئەو دادگایەدایە. چوارەم: کۆبوونەوەی هەڵبژاردن: ئەو کۆبوونەوە لە کۆتاییی ساڵ ئەنجامدەدرێت کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دادگا و جێگیرەکانی کە بە دەنگی زۆرینەی دادوەرانی ئەو دادگایە هەڵدەبژێردرێن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جنان كاظم جنجر، مصدر سابق، ص 26.

[xlii] - ماددەی (1) لە لائحەی ناوخۆیی دادگای تێهەڵچوونەوە.

[xliii] - ماددەی (3) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای تێهەڵچوونەوە.

[xliv] - ماددەی (2) لە پەیرەوی بنەڕەتی دادگای تێهەڵچوونەوە.

[xlv] - ماددەی (11) لە پەیرەوی بنەرەتی دادگای تێهەڵچوونەوە.

# لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: کتیب بە زمانی عەرەبی:

1- د. سهيل حسين الفتلاوي، الأمم المتحدة: أهداف الأمم المتحدة و مبادئها، الجزء الأول، الطبعة الأولى، عمان، دار الجامد، 2011.

2- د. عبدالله علي عبو. القانون الدولي العام، الطبعة الاولى، مكتبة يادگار، السليمانية، 2019.

3- د. عبدالله علي عبو، المنظمات الدولية، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة دهوك، 2010.

4- د. عصام العطية، القانون الدولي العام، الطبعة الثانية، المكتبة القانونية، بغداد، 2012.

5- د. علي زراقط، الوسيط في القانون الدولي العام، الطبعة الاولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، 2011.

6- د. محمد سامي عبدالحميد، الجماعة الدولية دراسة للمجتمع الدولي، الطبعة السابعة، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2004.

دووەم: کتیب بە زمانی فارسی:

1- محمد رضا ضيائي بيگدلی، حقوق بين الملل عمومی، چاپ چهل و هفتم، گنج دانش، تهران، 1393.

سێیەم: ماستەرنامە:

1- أمينة سعدالله، الموظف الدولي و حقوقه، رسالة ماستر مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر بسكرة، 2019.

2- هبه جمال ناصر عبدالله علي، المركز القانوني للموظف الدولي، رسالة الماجستر مقدمة الى كلية القانون جامعة الشرق الأوسط، 2011.

3- رواحنة بدرالدين، المركز القانوني للموظف الدولي، رسالة الماستر مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية/ قسم الحقوق، جامعة محمد خيضر- بسكرة، 2016.

4- جنان كاظم جنجر، التنظيم القانوني لمحكمة الإستئناف في الأمم المتحدة، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون بجامعة كربلاء، 2019.

چوارەم: توێژینەوەی زانستی:

1- عبدالرحمن علي ابراهيم غنيم، الموظف العام و الموظف الدولي: دراسة مقارنة، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، مركز جيل البحث العلمي، العدد 26، يوليو 2018.

2- عبير يجار و د. أحلام وغيلسي، علاقة الموظف الدولي و المنظمة الدولية في إطار الشرعية الدولية: الأمم المتحدة نموذجا، مجلة ادوالف في الدراسات السياسية، المجلد 1 العدد 2، 2020.

3- اسراء حسين عزيز حجازي، المركز القانوني للموظف الدولي، مجلة جنوب الوادي للدراسات القانونية، كلية الحقوق بقنا، العدد الثاني – الجزء الأول، 2017.

4- اسماعيل ساسا البوديري و د. حيدر كادم عبيد علي و ايمان عبيد كريم السلطاني، الموظف الدولي و طبيعة علاقته بالمنظمة الدولية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الأول/ السنة الحادي عشر 2019.

5- رؤى ابراهيم خالد، معيار التزام الموظف الدولي بقواعد الشرعية الدولية، مجلة اداب الفراهيدي، العدد 37 اذار 2019.

6- عبدالرحمن علي إبراهيم غنيم، الموظف العام و الموظف الدولي: دراسة مقارنة، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة، مركز جيل البحث العلمي، العدد 27 يوليو 2018.
7- قوسم الحاج غوثي و محمدي محمد الأمين، الموظف الدولي على ضوء النظم الأساسية للمنظمات الدولية، مجلة البحوث في الحقوق و العلوم السياسية، العدد 6، 2017.
8- عبدالله علي عبو، القضاء الدولي الاداري في اطار المنظمات الدولية، الرافدين للحقوق مجلد (3/ السنة العاشرة) عدد (26) سنة 2005.
9- عبدالله علي عبو، نظام اقامة العدل الداخلي في الأمم المتحدة، مجلة اهل البيت، العدد 15.
10- ماهر جميل أبو خوات، القضاء الإداري في الأمم المتحدة (دراسة في إطار النظام الجديد للعدل الداخلي)، مجلة الشريعة و القانون، العدد 31، المجلد 2، 2016.

پينجەم: ڕێکەوتننامەکان:
1- پەيماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەيەکگرتووەکان ساڵی 1945.
2- پەيڕەوی بنەڕەتی فەرمانبەری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ساڵی 2003.
3- پەيڕەوی بنەڕەتی دادگای نەتەوەيەکگرتووەکان بۆ ناکۆکيەکان.
4- لائحەی ناوخۆيی دادگای تێهەڵچوونەوە ڕێکخراوی نەتەوەيەکگرتوەکان.
5- پەيڕەوی بنەڕەتی دادگای تێهەڵچوونەوە ڕێکخراوی نەتەوەيەکگرتوەکان.
6-

المخلص

الموضوع الذي بحثناه في هذه الدراسة هو دور المحكمة الإدارية الدولية في حماية حقوق الموظفين الدوليين، وقد ركزنا فيه على نظام العدالة الداخلي للمنظمة الأمم المتحدة. وفيها استخدمنا الأساليب التحليلية لتحديد مفهوم الموظف الدولي وحقوق وواجبات الموظف الدولي. المشكلة التي تحاول هذه الدراسة معالجتها هي تحديد المركز القانوني للموظفين الدوليين وضمانات حماية حقوق وواجبات الموظفين الدوليين في إطار القانون الإداري الدولي ودور المحكمة الادارية الدولية في المستوى القانون الدولي. يتمتع الموظف الدولي بعدد من الحقوق أهمها الحقوق المالية والحماية الدولية والطابع الدولي للموظف الدولي، و في مقابل هناك عدد من الالتزامات على عاتق الموظف الدولي كالتزام الموظف الدولي بالقوانين وإرشادات المنظمة الدولية والولاء للمنظمة الدولية و حماية السرية المهنية والتزامها بالصدق والأمانة والاستقلال والحياد في تنفيذ واجباتها.

يتمتع الموظف الدولي بعدد من الضمانات لحماية حقوقه، بما في ذلك الضمانات الإدارية والقضائية. وبشكل عام، يلعب القانون الإداري الدولي دوراً هاماً في حماية حقوق الموظفين الدوليين، بحيث إن أغلب المنظمات الدولية لديها محاكم إدارية داخلية يمكن لموظفيها اللجوء إليها في حالة انتهاك حقوقهم. في إطار الأمم المتحدة، التي لديها نظامها القضائي الداخلي الخاص بها، هناك محكمتان إداريتان للأمم المتحدة كمحكمة الامم المتحدة للنزاعات ومحكمة استئناف يمكن لموظفيها اللجوء إليها عندما يتم انتهاك حقوقهم بقرار إداري.

لحماية حقوق الموظفين الدوليين على المستوى الدولي، يجب أن تقوم بإنشاء محكمة إدارية دولية وتنظيم القانون الإداري الدولي الموحد بشأن الخدمة المدنية للموظفين الدوليين في إطار اتفاقية دولية.

الكلمات المفتاحية: الموظف الدولي، حقوق وواجبات الموظف الدولي، المنظمة الدولية، ضمانات حماية حقوق الموظف الدولي، القانون الإداري الدولي.